# دانپیانان

دەشتی سەباح

## پێشکەشە بەتۆ... کە زۆر لەخۆم دەچیت

هێندێك سەبر .. خودا نوێژەکانت قبولْ کات

وەك چۆن دوعای ژێر بارانی منی قبولْ نەکرد

هەناسە ساردەکانت گەرمکاتەوە

وەکو چۆن هەناسە گەرمەکانی منالْیمی ساردکردەوە

هەر لەو ئێوارەیەدا .. کەمن ناوم نابوون

ئێوارەکانی لێخۆشبوون لەدەردی بەلاْ

بەلۆژە لۆژ لەمەیخانەیە باوکم دەگەڕایەوە مالْ

منیش ...........

لەستایشی تیۆری نسبی ئەنشتاین و شکانی کافرەکان لەشەڕی

خەندەق و حیکمەتەکانی ئیبن خەلدون و قارەمانێتی عەبدولرەحمان

کەواکبیدا

سەرم گێژی دەخوارد و لەژوورێکدا

چەند ترسنۆك، شەرمن، تەنیا دانیشتبووم

*    *    *

دیسانەوە بەیانی مامۆستاکەمان لەدەرسی "خوێندنەوەی

کوردی"دا

سێوە رزیوەکانی (نەسرین)مان بۆ دەبژێرێت

لەم لایشەوە

مام زۆراب مێوژی نایاب دەفرۆشێ
دارا دوو دارەکەی ئاو دەداتو
زەینەب بووکە شووشەکەی دەخەوێنێ
ئازاد راوی گا بەڵح دەکاتو
نەوزاد تەیارە دەفرێنێ
لەیادمە ... مێوژەکەی مام زۆرابم دەخوێند، دەخوارد
چەندە تاڵ بوو
باوکیشم هەموو ئێوارەیەك شیرینترین شەڕابی دەنۆشی
*         *         *
خودایە .. نوێژەکانی دایکم قبوڵ بکە
هەروەکو چۆن نزاکانی منت قبوڵ نەکرد
فرمێسکەکانی لێ وەرگرە
وەکو چۆن خەندەکانی مناڵیمت گۆڕیەوە
بە وەیشوومەو جەنگەڵو زەریا
ئێستا کەمن گەورە بووم
دەزانم لێوی گێلاسو مەمکی مانگ
چ تامێکی غەیبانی لێدێت
گەورە بووم ... بە درۆکانی قوتابخانە
بەلێدانی بێڕەحمانەی پێنجشەمانی باوکم
لەسەر جگەرە کێشانو سینەما
بە بەرزکردنەوەی دەستەکانی دایکم لەسەر بەرماڵی دوعا
بە تووڕە بوونی مامۆستا لەدەرسی جوگرافیا
ئێستا دەزانم

نەوزاد نەیدەزانی تەیارە بفڕێنێ

زەینەب بووکە شووشەکەی بۆ ژێر نەدەبوو

مام زۆرابیش لەکاتی مێوژ فرۆشتندا بەدەم ڕێگاوە

لەزستانێکی سەختدا مرد

بەڵام هەتا ئێستاش

دایکم هەر دوعا دەکات

باوکم هەر شەڕاب دەنۆشێت

مامۆستاکەشمان هەر درۆ

وەڵێ منیش تا ئێستا.............

چەند

ترسنۆك

شەرمن

تەنیا

2003/1/5 – هەولێر